**ڕاگەیاندنی ژمارە 3ی سکرتاریەتی کۆمەڵە**

# هێرشی بەربڵاوی هێزە ئینتزامی و چەکدارەکانی ڕژیم بۆ سەر مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحد، لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێراندا دەمێنێتەوە

بە پێی ڕاگەیاندنی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحدی تاران کە ڕۆژی 4ی ڕێبەندان بڵاو کرایەوە، بڕیار بوو ڕۆژی 8ی ڕێبەندان، کرێکارانی شیرکەت واحدی تاران و دەوروبەر بۆ ئازادیی مەنسووری ئۆسانلوو، بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی سەندیکا، بە ڕەسمی ناسینی سەندیکا و بەستنی پەیمانی بە کۆمەڵی شەشەم، مانبگرن. بەڵام ڕۆژی بەر لە مانگرتنەکە، هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕژیم دەستیان دایە هێندێك کردەوەی سەرەڕۆیانە بۆ بەرگرتن لە بەڕێوەچوونی ئەو مانگرتنە. ڕۆژی پێنجشەممە 7ی ڕێبەندان، 7 کەس لە چالاکانی سەندیکا ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی ئەو سەندیکایە، ڕاپێچی زیندانی ئێوین کران و ڕۆژی جومعەش 5 کەسی دیکە لەوان لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە گیران و ئێوارەی هەمان ڕۆژ، ژمارەیەکی زۆر لە هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکان و هەروەها لیباس شەخسییەکان، هێرشیان کردە سەر ماڵی کرێکارانی شیرکەتی واحد و هەتا سەعات 11ی شەو چەندین کەسی دیکە لە کرێکاران و هەڵسووڕاوانی سەندیکایی و هەروەها هاوسەری 4 کەس لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی سەندیکایان گرت و بردیانن بۆ شوێنی نادیار.

بەڵام بەرەیانی ڕۆژی شەممە، 8ی ڕێبەندان، تاران شاهیدی شەڕێکی نابەرابەر لە نێوان کرێکارانی شیرکەتی واحد و هێرشی بێڕەحمانە و دڕەندانەی هێزەکانی ڕژیم بوو. ڕژیم و شارەداریی ئامادەکارییان بۆ ئەوە کردبوو هەتا مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحد لە هەمان سەرتاوە، بەربەست بکەن. ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتوبووسەکانی شیرکەتی واحدیان بردبووە پارکی چیتگەر و ئۆتوبووسەکانی ئەو شیرکەتەیان بە شۆفیرە حیزبوڵڵاییەکان وەگەڕ خستبوو. ژمارەیەکی زۆر لە بەسیجی و دەست و پێوەندەکانی سوپای پاسداران، لە مەسیری حەرەکەتی ئۆتوبووسەکانی شیرکەتی واحددا، لە وێستگەیەکەوە بۆ وێستگەیەکی دیکە ئۆتوبووسەکانیان حەرەکەت دەدا هەتا وا نیشان بدەن کە دۆخە ئاساییە و هیچ نەقەوماوە.

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحد ڕۆژی شەممە 8ی ڕێبەندان، پاش هێرشی هێزەکانی ڕژیم بۆ سەر مانگرتنی کرێکاران بە ڕاگەیاندنێکی دەرکرد کە تێیدا هاتووە: ئەمڕۆ شەممە 8ی ڕێبەندان، مانگرتنی ئێمە

شۆفیران و کارگێڕانی شیرکەتی واحد بۆ ئازادیی دۆستانی لەبەندکراومان و بۆ هێنانە دی خواستە سەرەتاییەکانمان، دیسان بە باتۆم و دەستەبەسەر کردنی سەندان کەسی دیکە، لەوانە ئەندامانی ژمارەیەك لە خانەوادەکانمان وەڵام درایەوە. بە زۆر و بە لێدان، ژمارەیەك لە شۆفیرانی زەحمەتکێشیان ناچار کرد بچنە سەر کارەکانیان و ژمارەیەك لە ئوتوبووسەکانیان بە کەڵك وەرگرتن لە شۆفیرانی دیکە خستە کار. سەندیکای شیرکەتی واحد لە درێژەی راگەیاندنەکەیاندا نووسیویانە: ئێستا ئیمە بێجگەلە هەوڵ و کۆششی زۆرتر بۆ گەیشتن بە خواستەکانمان ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە. ئێمە خەباتی یەکگرتوومان بۆ ئازادیی هەموو ئازیزانی لەبەند کراومان کە ژمارەیان دەگاتە سەدان کەس درێژە پێدەدەین. ئێمە بۆ گەیشتن بە مافەکانمان ناسرەوین و داوا لە ئێوە خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی تاران و هەموو ئێران و ڕێکخراوە کرێکارییە نێونەتەوەییەکان ئەوەیە پشتیوانمان لێبکەن. لە هەموو ئەم ماوەیەدا، ئێمە بە پشتیوانی و هاوپشتیی ئێوە پشت ئەستوور بووین و ئێستا کە ئاوا بێڕەحمانە هێرشیان کردۆتە سەر ئێمە، تەنیا بە پشتیوانی هەمە لایەنە و بەرینی ئێوە دەتوانین بە مافەکانمان بگەین.

ئەم سەندیکایە لە راگەیاندنێکی دیکەدا روو بە کرێکارانی جیهان و هەموو ئیتحادییە و نیهادە پێشکەوتنخوازەکان، داوایان کردووە هێرش کردن بۆ سەر مانگرتنەکەیان مەحکووم بکەن. لەم راگەیاندنەدا وێڕای شیکردنەوەی ڕووداوەکانی رۆژی شەممە و ڕۆژانی پێشووتر، بۆ جارێکی دیکەش، جەختیان کردۆتە سەر خواستەکانیان و داوایان لەو نیهادانە کردووە پشتیوانی لە خەباتی کرێکاران و سەندیکای شیرکەتی واحدی بکەن.

بە مجۆرە رۆژی 8ی ڕێبەندان، وەك بەرگێکی زێڕین لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، لە رەوتی خەبات و ململانێی سەخت و دژواری کرێکارانی شیرکەتی واحدی تارن و دەوروبەر بۆ دەستەبەر کردنی خواستەکانیان و بەدی هێنانی مافی رەوای پێکهێنانی سەندیکا و تەشەککول، بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. بزووتنەوەی کرێکاران یان سەندیکا لە دەوری نوێی خۆیدا، شانازی بەم خەباتەی خۆی دەکا و نەتەنیا کرێکارانی شیرکەتی واحد، بەڵکوو بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و هەموو بوارەکانی دیکەی ئەم بزووتنەوەی سەرتاسەرییەی ئێران، بە خەباتی سەندیکای شیرکەتی واحدی تاران، هەنگاوێکی گرینگ و یەکگرتووانەیان هەڵێناوە.

هێرشی دڕەندانە و چەکدارانە بۆ سەر مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحد، نەتەنیا مەحکوومە، بەڵکوو بۆ جارێکی دیکە دوژمنایەتیی ئەم رژیمەی لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران بە باشی نیشاندا. کۆماری ئیسلامی لە گێژاوێکی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا نوقم بووە و تەنیا ڕێگەی دەرباز بوونی خۆی بە کەڵك وەرگرتن لە زەبر و زەنگ و چەك و زیندان و دەستبەسەر کردنی سەرەڕۆیانە و سەرەنجام دەست بردن بۆ هەر جنایەتێك دەزانێ. جەهەننەمی هەژاری و بێکاری، فەحشا و تاوان و جنایەت و برسیتی و هەڵوەدابوونی دەیان هەزار منداڵی بێبەش و هەڵوەدا لەسەر شەقامەکان و کڕین و فرۆشتنی کچان، تەنیا و تەنیا بە مانەوەی وەها رژیمێك و پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی و بە زۆری سەرنێزە و هێزی چەکدار بەردەوام دەبێت.

سەرەڕای ئەمانە، شاهیدی گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئیعترازییەکان و پێشەنگی ئەو بزووتنەوانە، واتە بزووتنەوەی کرێکارین. دەورەی نوێی بزووتنەوەی کرێکاریی و خەباتی کرێکاری لە ناو وەنا جەهەننەمێك و لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی کۆماری ئیسلامیدا گەشەی سەندووە و بە ئاسانی لە بەرانبەر گرتن و لە بەند کردن و گوشار و زەبر و زەنگدا پاشەکشە ناکات. جارێکی دیکەش نیشاندرا کە کرێکاران تەنیا بە هێزی یەکگرتوویی و هاوپشتی و خەباتی خۆیان دەتوانن بیر لە رزگاری بکەنەوە. بێشك دەورەی تەنیایی و دژواری بزووتنەوەی کرێکاری کۆتایی پێهاتووە. پشتیوانی بەرین لەم بزووتنەوەیە و کاردانەوەی بەربڵاوی ئەو خەبات و پشتیوانیکردنە، سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران دەتوانێ و دەبێ ببێتە ئاڵاهەڵگری خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی و پاشەکشە کردنی پێی و کورتکردنەوەی دەستی رێبەرانی مفتەخۆری و کۆتایی هێنان بە بێمافی و سەرەڕۆیی.

بژی کرێکارانی سەندیکای شیرکەتی واحدی تاران

بژی هەڵسووڕاوان و رێبەران و کرێکارانی لەبەندکراو

سەرکەوێ خەباتی هەقخوازانەی سەندیکای کرێکارانی شیرکەت واحدی تاران

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

9ی رێبەندانی 1384ی هەتاوی

29ی ژانوییەی 2006ی زایینی

www.komala.org
Email: Komala1348@hotmail.com
**Email:komala1348@yahoo.com**
**Mobail:009647702207123**